**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٣٧٢٢ لە ٢٠٢٥/٣/٢٤**

**بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە (٢٧٧) لە ٢٠٢٥/٣/١٢**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێنشیاری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە هەردوو نووسراویان ژمارە (N٢٤-٣٥٦) لە ٢٠٢٤/٤/٢١، و ژمارە (N٢٥-١٨٣) لە ٢٠٢٥/٢/٢٤، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٤٨) لە ٢٠٢٥/٣/١٢، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١- لێخۆشبوون لە گەڕاندنەوەی بڕی پارەی قەرزی بچووک بۆ ئەو سوودمەندانەی کە کۆچی دواییان کردووە و تا ئێستا پابەندیی دانەوەی ئەم قەرزەیان لە ئەستۆ ماوە کە ژمارەیان (٥٩) پەنجا و نۆ سوومەندە بە گوێرەی لیستی هاوپێچی نووسراوی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئاماژەپێدراو لە سەرەوە.

٢- گشت وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونییەوە و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

٣- وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەردەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**